زانكۆی سەلاحەدین ـ هەولێر

Salahaddin University-Erbil

كۆلێژی ئاداب

بەشی ڕاگەیاندن

بابەت / پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

مامۆستای بابەت / پ.د ڕزگار ڕەنجەڕۆ

قۆناغ / دووەم

ساڵی خوێندن ٢٠٢١ ـ ٢٠٢٢




سەرەتایەک بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

**ئامادەکردنی / پ.د ڕزگار ڕەنجەڕۆ**

## پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان تەنها پێناسەیەکی نیە بەڵکو چەندین پێناسەی بۆ کراوە ئەویش لە ئەنجامی بوژاندنەوەی بوارە زانستیەکان هەروەها بەهۆی ئاڵۆزی چەمک وناوەرۆک وای کردوە کە بە دانانی تەنیا پێناسەیەک بتوانرێ هەموو لایەنەکان لە خۆ بگرێت کارێکی ئاسان نیە لەگەڵ ئەوەش دا چەند پێناسەک دەخەینە ڕوو- :




بەپێی ئینسکلوپیدیایی بریتانی چەمکی هەرە باو بریتی یە لە پەیوەندی نێوان حکومەتەکان وڵاتانی سەربەخۆ هەروەها لە ڕووی واتاوە وەک سیاسەتی نێودەوڵەتی بەکار دێت کە چی هانس مورگانسیو وکینیت تومسون لە پێناسەک دا دەڵێت ناوەروکی پەیوەندی یە نێودەوڵەتیەکان بریتی یە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی کە خامەی سەرەکیەکەی ململانێیە لە پێناو بەدەست هێنانی هێز لەنێو وڵاتانی خاوەن سیادەدا،لەلایەکی ترەوە ڕایمون ئارسۆن وستانلی هوڤمان وکوینس ڕایت لەسەر ئەوە کۆکن کە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان تەنها لە چوارچێوەی یەکەی سەربەخۆی سیاسی خۆی دەبینێ واتا تەنیا لە نێوان وڵاتان دایە ، بەڵام نیکولاس سبیکمان لەو بڕوایە دایە کە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان زۆر کۆنە وپەیوەستە بەکۆنی کۆمەڵگای مرۆڤەوە وبەرهەمێکی تازە نیە و پەیوەست بێت بە وڵاتانوە وا پێناسەی ئەو چەمکە دەکات : پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بریتیە لە پەیوەندی کۆمەڵێک تاکەکەس کە بەسەر چەند دەوڵەتێکدا دابەشبوون،هەروەها ڕەفتاری نێودەوڵەتیش بریتیە لە ڕەفتاری چەند کەس و گرووپێک کە سەر بە چەند دەوڵەتێکی جیاوازن ،هەروەها ڤیرالی ڤێری دەڵێت پەیوەندیەنێودەوڵەتیەکان بریتییە لەو پەیوەندیانەی کە ناسنامەیان دیاری نەکراوە و لەسەر بنەمای سنووری جیاوازی یەکە سیاسیەکان دامەزراوە، هەرەوها شوڤالیو بەشێوەیەکی ڤولتر پێناسەی دەکات ودەڵێت پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان واتا گشت ئەو پەیوەندیانەی نێوان تاکەکان وگرۆپەکان هەیە کارو ئارەزووەکانیان دەبنە پاڵنەر بۆ ئەوەی سنووری نیشتمان ببەزێنێت تاکو ئەم پەیوەندیانەیان لە

نێو چوارچێوەی نیشتماندا گەشە بکات. هەروەها مارتن لە پێناسەیەکدا جەخت لە سەر پەیوەندی جوگرافی دەکات ودەڵێت

پەیوەندیەنێودەوڵەتیەکان بریتی یە لە کۆی ئەو ئاڵوگورکردنانەیە کە دەیەوێ سنوور ببەزێنێ یاخود هەوڵی بەزاندنی دەدات، مارسیل میرل پێوەری سیاسی بە بەشێکی سەرەکی دەبینێ ولە پێناسەیەکی دا دەڵێت هەردیاردەیەکی مرۆیی لە لایەک لە لایەنەسیاسیەکان سەرهەڵبدات وکاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتە مرۆیەکانەو دەبێت کەواتا بنەما پەیوەندییەنێودەوڵەتیەکان بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە سیاسەتەکانی دەرەوەی وڵاتان کە شارل زۆرگیب یش هەمان بۆچونی هەیە بەپشت بەستن بەم دوو پێوەرە دەتوانرێ پێناسەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بەم جۆرە بکەین : –

هەر پەیوەندییەک خاوەن سروشتێکی سیاسی یاخود بتوانرێ کاریگەری سیاسی دروست بکات لەسنووری هەرێمی وڵاتێکدا تێپەرێت هەروەها دەتوانین بڵێن کە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بریتییە لە پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکان

کە سنوور دەبەزێنن ولە ژێرکونترۆڵی دەسەڵاتی دەوڵەتێک دەردەچێت یان لەو شوێنەی کە ئەندامەکاراکان پەیوەندی بەکۆمەڵگایەکانی نێودەوڵەتی جیاواز بەشدار دەبن .

پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان (IR) یان کاروباری نێو دەوڵەتی، کە پەیوەستە بە دەزگای ئەکادیمی و پەیوەندیدار لە زانستە سیاسییەکان، کە بوارێکی تایبەتمەند و ئەکادیمیە لە بوارە جۆر بەجۆرەکانی لێکۆڵینەوە نێو دەوڵەتیەکان، یان ئەکادیمیایەکی سەربەخۆیە تایبەت بەو خوێندکارانەی کە تایبەتمەندن بەزانستەکانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی. لە هەردوو بواردا، لە بواری لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی قەوارە سیاسییەکان (دەزگاکانی حکومەت) وەکوو وڵات، وڵاتی خاوەن سەروەری، ئیمپراتوریەتی و رێکخراوە نێودەوڵەتیە حکومییەکان (رێکخراوە حکومیە نێو دەوڵەتیەکان) وە رێکخراوە نێو دەوڵەتیە ناحکومیەکان(INS)،رێکخراوە ناحکومیەکان، وە کۆمپانیا فرە رەگەزەکان (هاوبەشگا نەتەوەییەکان)، وە لەسەر ئاستێکی فراونتری جیهانی کە ئەم کارانەی لێ بەرهەم بێت، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پەیوەندییەکی ئەکادیمی لە سەر ئاستێکی سیاسی بەرز کە هەڵوێستی چاکەکاری وڵاتان دیاری دەکات بۆ کێشە نێودەوڵەتییەکان و ئاشتی جیهانی .چالاکی رامیاری و پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان دەگەرێتەوە بۆ کاتی مێژوونووسی یۆنانی تۆسیدیدەس ( ج . 460–395 پێش زایین) ، وە ، لەسەرەتای سەدەی ٢٠هەم ، بوو بە بوارێکی ئەکادیمی سەربەخۆ (ژمارە ٥٩٠١ لە رێزبەندی ناونانی یونسکۆ) لە زانستە رامیاریەکان . بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان کە بوو بە بەشێکی سەربەخۆ لە زانستە سیاسییەکان بەڵام پەیوەندیدار بە بوارە جۆر بەجۆرەکانی تر. بۆ نمونە پەیوەندیدارە بە زانستەکانی : تەکنەلۆژیا و ئەندازە و ئابوری و مێژوو و یاسای نێو دەوڵەتی و دیمۆگرافی و جوگرافی و فەلسەفە و کاری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵزانی و دەروون زانی و تاوان ناسی و زانستەکانی کۆمەڵجۆری و لێکۆڵینەوە رۆشەنبیریەکان و دیلۆماسیەکان ، جیهان گەرایی (عەولەمە) و سەروەری وڵاتان و ئاسایشی نێو دەوڵەتی و پەیوەندی دپلۆماسی و پاراستنی ژینگە و بەربڵاوبونەوەی چەکی ئەتۆمی و نەتەوەکان و رژێمی ئابوری جیهانی و بانکە نێودەوڵەتیەکان و بابەتی تیرۆر و مافەکانی مرۆڤ و دەستخستنە ناوکاروباری وڵاتان و ناکۆکیە ئاینیەکان و رەگەزپەرستی. بۆ یەکەمین جار دەستەواژەی نێودەوڵەتی ( international ) لە لایەن فەیلەسوف و یاساناسی ئینگلیزی گێرمی بێنثام ( Jeremy Bentham ١٧٤٧ – ١٨٣٢ ) بەکارهاتووە لە بری دەستەواژەی jus gentium ) رۆمانی کە وشەیەکی لاتینیە و بە مانای یاسای گەلان دەهات ..

## مێژووی پەیوەندی نێوان ئیمپڕاتۆریەتەکان History of Empires

بنەمای ئەو ئیمپڕاتۆریەتانە ئەوەبوو لە داگیرکردندا جوگرافیایەکی گەورە و فراوان بەدەست بهێنن بۆ چەند سەدەیەکیش بەردەوام ببن لە دەسەڵاتدا نموونە ئیمپڕاتۆری ( فیرگەونەکان ، ماددەکان ، میتانیەکان ، ڕۆمان ، کریستیانەکان ، ئیسلامەکان بەتایبەتی عوسمانی ) کە هەر ئیمپڕاتۆریەتێک لە جوارچێوەیەکی فرە نەتەوە پێکهاتووە لە ڕێگای بەکارهێنانی هێز و لە خشتەبردنی کەسانێک کە ببنە جەنگاوەریان و بەخشین و بە شێوازی دیپلۆماسیانە توانیویانە بەردەوامی بە دەسلاتیان بدەن ، ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی کۆن و ناوەراست هەڵدەینەوە ئەوە پڕن لە جەنگ و پێکدادانی خوێناوی ئەو ئیمپڕاتۆریەتانە بەڵام لە ماوە جیا جیاکاندا زۆر جاران پەیوەندی دۆستایەتیشیان هەبووە ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ هاوسەنگی هێزەکانیان و سیاسەتەکانیان . ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمان یەکێکە لە و دەسەڵاتە مەزنەی کە کاریگەری خۆی جێهێشتووە بەسەر مێژووی ئەورویا و مرۆڤایەتی بەگشتی هەرچەندە هێز و داگیرکاریان پێش دیپلۆماسیەت خستووە بەڵام هەندێ جاریش ڕێکەوتننامەیان واژۆکردووە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە داگیریانکردووە یان بۆ ئاشتبوونەوە ، ئاگربەست و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان . ڕۆمانەکان بە داهێنەری یاسا دەناسرێنەوە یاسایان دابەشکردووە بۆ سێ جۆر:

١ – یاسای مەدەنی ( Jus Civil ) کە تایبەت بە هاوڵاتی ڕۆمان بووە .

٢ – یاسای گەلان ( Jus Gentium ) کە تایبەتە بە پەیوەندی نێوان ڕۆمان و بێگانەکان

٣ – یاسای سروشتی ( Jus naturale ) بۆ تەواوی مرۆڤایەتی جێبەجێ دەکرا .

جگە لە یاسا ئاین ڕۆڵی گرینگ و سەرەکی هەبووە لە دامەزراندن و بەردەوامی دانی ئیمپڕاتۆرییەتەکان بە تایبەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست ( کریستیانەکان و خەلافەتی ئیسلامی بە نموونە ) .

## مێژووی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان

مێژووی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دەکرێت بیگەڕێنینەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر ،باری بوزان و ڕیچارد لیتل ، بۆ نمونە پەیوەندیەکانی نێوان شارەکان لە ناوەوەی دەوڵەتی سۆمەری کۆن کە دەگەڕێتەوە بۆ ٣٥٠٠ ساڵ بەرلەزایین .کە یەکەم ڕژێمی دەوڵەتی تەواوبوە. بەڵام زۆرینەی زانایان مێژووی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەسەر ئاستی شکۆمەندی و سەربەخۆیی دەگەڕێننەوە بۆ کۆنگرەی ئاشبوونەوە یان ئاشتی ویستفالیا لەساڵی ١٦٤٨ ،کە خاڵی وەچەرخانە لە پێشکەوتنی ڕژێمی نێو دەوڵەتی نوێ . کە بەسترا لە سەدەی ناوەراست لە ئەوروپا لەلایەن دەسەڵاتی ڕامیاری لەسەر بنەمای ئاینی.پاشان ڕێککەوتننامەی ئۆترێخت بەسترا لە ١٧١٣ لە نێوان هەرێمەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی .لەساڵەکانی ١٥٠٠ تاوەکو ١٧٨٩ وڵاتانی سەربەخۆ و خاوەن شکۆ سەریان هەڵدا ،کە

هەریەکەیان خاوەنی دەزگاکانی دپلۆماسی و سەربازی سەربەخۆبوون . بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسی و یەکگرتنی نەتەوەکان و بەدەنگەوەچونی دەسەلاتی رامیاری و سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی (بە پێچەوانەی دەوڵەتی ئاینی یان پاشایی).بە شێوەی ڕژێمی کۆماری و هاوچەشنەکانی وەک ئەوەی دروست بوو لە ئەڵمانیا و فەڕەنسا ، کە ولاتێکیان دروست کرد بۆ نەتەوەکانیان و کۆیان کردنەوە لەسەر ئاستی نەتەوە و زمانی هاوبەش ،خەڵکیان هاندا کە دەبێت بەیەک زمان و لەژێر چادری یەک زمان و نەتەوە حوکم بکرێن . کە تاوەکو ئەمرۆ ڕەنگدانەوەی دەبینین لە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی .ئەم ڕژێمە نەتەوەییە لە ئەوروپاوە پەلی هاوێشت بۆ هەردوو ئەمێریکا و ئەفریقیا و ئاسیا لە ڕێگای داگیرکاریە ئەوروپیەکان .کە بوە بنەمای دامەزراندنی ڕژێمی دەوڵەتی هاوچەرخ ئەمیش دوای نەمانی پرۆژە داگیرکاریەکان و هاتنە ئاراوەی جەنگی سارد و دابەش بوونی ولاتان بەسەر جەمسەرەکان . وە سەرهەڵدانی چەندین دەوڵەت و هەرێمی جۆربەجۆر لەناو سنوری ئەو ولاتە خاوەن سەروەریانە بە تایبەت ئەو میللەتانەی لەسەرەتای یاریەکان بێبەش کران کە لەناوەخۆیان پەیوەندیان بەیەکەوەکرد بۆ گەیشتن بە مافەکانیان. شتێک لەبارەی بیردۆزەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان نەدەزانرا تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم ، ئەویش دوای هەڵس و کەوتەکان بوو لەگەڵ بیردۆزی تیشکی ژێرسور ،بەلام ڕوداني جەنگەکان ئەم زانستەی بەرفراوانتر کرد کە بوە هۆی سەرهەڵدانی چەندین بیردۆزی جۆربەجۆر هەموو ئەم شەڕانە بوونە سەرچاوەی سروشتی بۆ لەدایک بوونی ئەم بیردۆزانەی کە ئەمرۆ بونەتە بنەما بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان. بۆ نمونە لیبراڵیەکان لەسەر بیردۆزەکانی کانت و رۆسۆ دەرۆیشتن لەکاتی سەرهەڵدانی یەکەم بیردۆزیان کە بیردۆزی ئاشتی دیموکراتی بوو .بەجۆرێک لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ بگونجێت گونجاندنێک کەلەگەڵ مرۆڤی هاوچەرخ هاوڕا بێت، ئاشکرایە پێداویستیە مرۆییەکان لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک دەگۆڕدرێن بەگوێرەی یاساکانی سروشتی مرۆڤ ،هەریەکە لە فرانسیسکۆ دی ڤیتۆریا و هۆگۆ گراتیوس و جۆن لوک بیردۆزێکیان پێشکەش کرد بۆ مافە جیهانیە مرۆییەکانی هاوچەرخ لە ئامانجە هاوبەشەکان دا .بەتایبەت دروست بونی بیردۆزە هاوچەرخەکان لەسەدەی بیستەم وەک ڕێبازی مارکسی کە بوونە بنەما بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان.

## خوێندنی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان

خوێندنی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان وەک زانستێکی سەربەخۆ بۆ یەکەم جار لە ئینگلتەرا خوێندرا . بەناوی تیشکی ژێر سور کە ئەکادیمیایەکی تایبەتمەند بوو لە ١٩١٩ دامەزرا بەسەرۆکایەتی وۆدرۆو ویڵسن لە زانکۆی ویلز (ئێستا زانکۆی ئەبیریست ویت)، پاشان لەگەڵ دیڤد دیڤیز زانکۆی جۆرج تاونیان دامەزراند کە بەکۆنترین زانکۆ دادەنرێت بۆ خوێندنی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمێریکا(١٩٢٠)،وە بەر لەو پەیمانگای لەندەن دامەزرا لە ١٩١٩ بۆ خوێندنی پەیوەندی نێودەوڵەتی بەبۆنەی وەرگرتنی خەلاتی نۆبڵی جیهانی لەلایەن

فیلیپ نۆبیڵ بۆ ئاشتی کە بۆ یەکەم جاربوو بە شێوەیەکی فراوان خوێندکاری لێ وەرگیرا لە ئاستێکی بەرز. پاشان بەشی مێژووی نێودەوڵەتی کرایەوە لە زانکۆی لەندەن و خوێندنی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان لەزانکۆی ئۆکسفۆرد پاشان کردنەوەی زانکۆی تیشکی ژێرسوری بەدوا هات لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمێریکا و سویسرا لەساڵی ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٢ ئەم بەشەی خوێندن لە کوردستان کرایەوە لە هەریەک لە زانکۆکانی کوردستان و زانکۆی جیهان.وە یەکەم زانکۆی تایبەت بەم بوارە لەساڵی ١٩٢٧ دامەزرا لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمێریکا بۆ خوێندنی تیشکی ژێرسور و بەشەکانی پەیمانگای باڵای لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتیەکانی کردەوە ( ئێستا پەیمانگای باڵای لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتیەکان و گەشەپێدان) ، کە خوێندکاری باڵا بەرهەم دێنێت لە بوارەکانی دپلۆماسی تایبەت بە نەتەوە یەکگرتوەکان.لە کەنەدا لەساڵی ١٩٦٥ زانکۆ و قوتابخانەی نۆرمان باترسۆن کرایەوە بۆ خوێندنی کاروباری نێودەوڵەتی.

## سیستەمەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان

لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە دوو قۆناغ تێپەڕیون لە شێوەی دوو سیستەمدا کە ئەمانەن :

**یەکەم / سیستەمی هاوسەنگی نێوان هێزەکان**

ئەو سیستەمە پێک دێت لە چەمکی هێزی نیشتیمانی دەوڵەت وە میکانیزمی ئەو چەمکەش پێکهێنەرە سەرەکییەکانی هێزی نیشتیمانی دەوڵەتن کە لە مانەی خوارەوە پێک دێت :

أ – جوگرافیای دەوڵەت

ب – سامانی سروشتی

ج – دانیشتوان

د – توانای ئابووری

هـ – هێزی سەربازی

و – سیستەمی سیاسی دەوڵەت

ز – تەکنەلۆژیا و زانست

ح – دیپلۆماسیەت و ڕاگەیاندن

ط – هێزی مەعنەوی

## دووهەم / سیستەمی ئاسایشی گشتی

لە دوای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم سیستەمی هاوسەنگی هێز هەرەسی هێنا و بارودۆخێک هاتە پێش کە بیر لە سیستەمێکی تر بکرێتەوە وەک ئاڵتەرناتیڤ وە لە سیستەمی پێشوو چالاکتربێ لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەستدرێژی و دوژمنکاریانەی ڕووبەڕووی ئاسایشی جیهان دەبنەوە ئەویش سیستەمی ئاسایشی گشتی بوو. کاولکاری و کۆمەڵکوژی جەنگی جیهانی هانی دەوڵەتانی دا بچنە ناو ئەو پرۆسەیە و ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان دابمەزرێنن و پاشانیش نەتەوە یەکگرتووەکان . لە سەدەی بیستەمدا بیرۆکەی ئاسایشی گشتی بە داهێنانێکی گرینگی پەیوەندییە نێودەڵەتییەکان دادەندرێت .چونکە ئەو سیستەمە ڕێگر دەبێت هەموو گۆڕانکارییەکی گەورەی نێودەوڵەتیدا کە ببێتە تێکدەری ئاسایشی جیهان تەنها بۆ بەرژەوەندی تاکە هێزێک ، ئەو سیستەمە هەردوو لایەنی یاسا و هێز بەیەکەوە کۆدەکاتەوە و لەسایەیدا دابەشکردن و سازشکردن لە ئاسایشی نێودەوڵەتی ناکرێت و مەحالە . ئامانج لە هێنانەدی ئەو سیستەمە ئەم خاڵانەی خوارەوە بوو:

- قەدەغەکردنی پەنابردن بۆ هێز لە چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکاندا .
- ڕێزگرتن لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی
- ڕێزگرتن و پەیوەست بوون لە بەڵێننامەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان
- بونیاتنانی پەیوەندی دۆستانە لە نێوان دەوڵەتاندا لەسەر بنچینەی مۆراڵ و دادپەروەری .

## تیۆرییەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان

### تیۆریی پێوانەیی

لە ڕێکخستنەکانی ئەکادیمیای پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان ، هەریەکە لە سمیت و بایلز و ئۆوینز لە(٢٠٠٨)بابەتی پێوانەیی یان هەڵوێستی پێوانەییان کردە بنەمایەکی ئاشتیانە بۆ کێشە جیهانیەکان ، کە بەگوێرەی ئەم بیردۆزە هەریەکە لە بنەما کۆمەڵایەتی و ڕامیاریەکانیان کردە پێوانە بۆ چارەسەری کێشە هەرێمی و ناوچەییەکانی جیهان کە هەر ناوچەیەک لە جیهان دەبێت لەسەر بنەما کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیان هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت کە ئەویش لە ڕێگای پێوانەکردنی گریمانە خێراکان و گریمانە کاتخۆرەکان بۆ هەریەکە لەبنەما کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان بۆ نمونە هەندێ ناوچە پێویستیان بە لیبراڵی سیاسی هەیە هەندێکیشیان بە مارکسی یاخود عەولەمە هەیە .

## تیۆریی زانیاری و  تیشکی ژێر سور

بیردۆزەکانی تیشکی ژێر سور  دابەش دەکرێن بۆ دوو چەقی زانیاری : " ئەرێنی " و " دوای ئەرێنی " . ئامانجی بیردۆزە ئەرێنیەکان دووبارە سود بینینەوەیە لە هۆکارەکانی سروشت و کاریگەری ژینگەی مرۆڤ بەسەر پەیوەندیەکان . کە ئایە ئەم کۆمەڵگەیە لە چ ژینگەیەک دەژیت چ هێزێکی سەربازی هەیە پەیوەندیەکەی چۆنە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی توانا ئابوریەکانی چەندن .بە پێچەوانەوە کە بیردۆزەکانی دوای ئەرێنی  هەموو ئەم هەڵسەنگاندنانە ڕەت دەکاتەوە کە مرۆڤ یان تاکی کۆمەڵگا نابێت بە پێوەرە مادیەکان هەڵبسەنگێندرێت بەلکو بزانین تا چەند ئەم مرۆڤە ئازادە وە ئەم مرۆڤانەی کۆمەڵگە چ جۆرە ڕژێمێک و هزرێک هەڵدەبژێرن بۆ نمونە بیردۆزی هەڵبژاردنی ژیری کە دەڵێت ناکرێت جیهانی زانست بسەپێندرێت بەسەر جیهانی کۆمەڵایەتی وە"زانست" لەلایەن تیشکی ژێر سور نەگونجاوە بۆ کۆمەڵگە . وە جیاوازی سەرەکی لە نێوان ئەم دوو چەقە بریتیە لەوەی کە تەوەری ئەرێنی دەپرسێت .وەک سەرهەڵدانێکی نوێ (بۆچی وە چۆن دەسەڵات بەکاردێنن )، وە بیردۆزی دوای ئەرێنی لەبری ئەمە ئەم پرسیارە دەکەن بۆ ئەم ڕژێمە دروست بوە  بۆ نمونە مەبەستیان چی یە لە"هێز"  ئایا چی لێ دەکەن وە چۆن وەلامی ئەم هێزە بدرێتەوە بیردۆزی دوای ئەرێنی بیردۆزی پێوانەیی بۆ ئەم قۆناغە بە باش دەزانێت کە دەکرێت لە ڕوانگەی ڕەوشتەوە تێی بروانین. لەماوەی دوایی ١٩٨٠ تاوەکو ١٩٩٠ لە ئەنجامی گفتوگۆی ئەم دوو چەقە ئاراستەی سێ یەم درووست بوو کە ناویان لێنا چەقی مەزن.

## تیۆریی ئەرێنی

## بەرجەستەیی (ڕیالیستی)

بەرجەستەیی یان ڕاستەقینەکی  ئاسایشی وڵات و دەسەڵاتی وڵات لە پێش هەمووشتێک دادەنێت .لایەنگرانی ئەرێنی وەک ئیدوارد هالیت کاڕ و هانز مۆرگێتاو پێیان وایە دەوڵەت بریتیە لە بەرژەوەندی خودی ، کە هەوڵ دەدات بەرەو دەسەڵاتی ژێرکردارەکی هەنگاوبنێت ،وە هەوڵ دەدەن بۆ بەرجەستەکردنی کەمترین توانا بۆ هێشتنەوەیان لە ژیان بە ئاشتیانە .ئەو هاوکاریانەی لە نێوان وڵاتان دەکرێت بۆ بەدەست هێنانی کەمترین دەرفەتە بۆ پاراستنی ئاسایشی هەریەکەیان لە ناوەوە .بۆ نمونە هەر جەنگێک دەکرێت یان هەر هاریکاریەکی جەنگ کە پێش کەش دەکرێت بۆ بەرژەوەندی خودیە نەک بۆ چاککردنی بارودۆخەکە .وەک بەشداریکردنی وڵاتان لە جەنگە جیهانیەکانی یەکەم و دووەم.  تۆسیدیدەس،نووسەری پەرتوکی " جەنگی پێلۆپۆنیسیان " کەبەباوکی دامەزرێنەری قوتابخانەی ئەرێنیەکان دادەنرێت لە فەلسەفەی ڕامیاری .وەک فەلسەفەکانی میکاڤیللی هۆبز و ڕۆسۆ کە بەشدارن لە فەلسەفەی بەرجەستەیی لەگەڵ ئەمەش پاڵپشتی ڕێچکەی ڕاستەقینەکی دەکەن، دەڵێن ئەو دەسەلاتەی کە ئەمرۆ هەیە بریتیە لە ڕامیاری ( سیاسەت ) .کە هەمان دەسەلات دەتوانێت سیاسەتەکەی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت دەستکاری ڕەگی کۆمەڵگە بکاتن بە هەموو سروشتەکانیەوە.

## ليبراليزم

بەگوێرەی لیبرالیەکان ، تاک بنەمای سەرەکیە وە هاوکاری بنەڕەتیە لە گۆڕانکاریەکان بەرەو چاکە، وە ئەو هێزە تەنها لەلای تاکی کۆمەڵگەدایە. لیبرالیزم تەماشای دەوڵەت دەکات وەک ڕێکخراوێکی ناحکومی کەلەژێرناوی ڕێکخراوێکی حکومیەوە بەڕێوەدەبردرێت لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی .دەوڵەت چەندین بەرژەوەندی هەیە کە تەنها ناتوانێت بیانپارێزێت یان بەدەستیان بخات لەوانە سەروەریەکەی . لیبرالیزم دڵنیایی دەداتەوە بە هاوکاریەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و دامودەزگاکانی وڵات. لیبرالیەکان ڕژێمی نێو دەوڵەتی بە شتێکی هەرەمەکی دادەنێن و دەسەلاتێکی نێودەوڵەتی گشتگر نابینن ، هەرولاتەو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەوڵ دەدات.

## نیۆلیبرالیزم

لیبرالیزمی نوێ هەوڵ دەدات گۆڕانکاریە نوێیەکان بگونجێنێت لە گەڵ لیبرالیزمی کۆن یاخود نوێی بکاتەوە کە وڵاتان کارای سەرەکین لەم نوێ کردنەوە، لیبرالیزمی نوێ ئابوری نوێش لە خۆ دەگرێت کە هەوڵی ئازادکردنی بازار دەدەن لەژێر چاودێری حکومەت .ئەمیش بۆ پاراستن و ڕێگرتن لە قۆرخ کاری و بەلاری دابردن . کە هەوڵەکانیان سەرکەوتوو بوو بەتایبەت دوای جەنگی سارد و برەو دانی ئابوری هاوبەش لە نێوان وڵاتان.

## تیۆری ڕژێمی

تیۆری ڕژێم چاو لە لیبرالیەکان دەکات کە دەڵێت دام و دەزگاکانی وڵات و ڕژێمی نێو دەوڵەتی و وڵاتان کاریگەریان بەسەر یەکەوە هەیە کە بەشێوەیەکی هەرەمەکی کار دەکەن. لایەنگرانی ئەم تیۆریە لەو بڕوایەدان کە لەگەڵ ئەوەی هاوکاری هەیە لەنێوان وڵاتان لەسەر بنەمایەکی بەرژەوەندیانە لەشێوەی هەرەمەکی ،ململانێیەکی قوڵیش هەیە لە نێوانیان دا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان یان پەرەپێدانیان کە خودی ئەم ململانێیە بۆتە هۆکاری بەرەو پێش بردنی پەیوەندیەکان و ڕژێمەکان مەیدانی نێودەوڵەتی.

## تیۆرییەکانی دوای ئەرێنی

## تیۆریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (قوتابخانەی ئینگلیزی)

تیۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یاخود قوتابخانەی ئینگلیزی کاردەکات لەسەر بنەمای هاریکاریە نێو دەوڵەتیەکان بۆ دامەزراندنی ڕژێمی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان ،وە چۆنیەتی ڕێکخستنی وەک دیپلۆماسی و یاسای نوێی

نێودەوڵەتی ،کە بەگوێرەی پێویستیە هەنوکەییەکان یاساکان دەردەچێنن ،لایەنگرانی ئەم بیردۆزە دابەش بوونە بەسەر دوو بەرە .بەرەی یەکەم (solidarists) ئەوانەن کە سۆزیان هەیە بۆ ئەم بیردۆزە وە بەرەی دووەمیش لەوبڕوایەدان کە دەبێت زۆر بەتوندی بەدەم ئەم بیردۆزە بچنەوە.

## بونیات نانی کۆمەڵایەتی

تیۆری بونیات نانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک بیردۆزی فراوانی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت کە ئامانجیان چارەسەرکردنی بوارەکانی ئۆنتیۆلۆژیا یە .وەک گفتوگۆی نێوان دەستەی کارگێریەکان و نوێنەرەکانە .هەروەک بیردۆزەکانی زانیاری (مادده :هزر)کە وتووێژەکەیان لەبارەی ڕێژەی هێزی ماددەیە بەرامبەر بە هزر بەڵام نەک وەک بیردۆزی تیشکی ژێرسور وەک باسمان کرد .بەلکو ئەم بیردۆزە بەشێوەیەکی قوڵتر باسی وتووێژەکان دەکات لەنێوان وڵاتان و لایەنە کرداریەکانیان لەناوەوەی وڵات.

## مارکسیزم

مارکسیزم ڕێبازێکی فەلسەفی ، سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتیە کە خۆی لەسەر دیدو تێگەیشتنەکانی فەیلەسوف و کۆمەڵناسی ئەڵمانی کارل_مارکس بونیاد دەنێت. ڕ ێبازی مارکسیزم خۆی لەسەر دیدێکی فەلسەفی ماتریالی بونیاد دەنێت واتا مارکسیزم لەبونیادا فەلسەفەیەکی ماتریاڵیە .سەرجەم قوتابخانە ئایدیالیستیە فەلسەفییەکانی پێش خۆی دەکات ڕەتدەکاتەوە وەهەروەها ڕێبازێکی زانستی فەلسەفی ماتریاڵی دادەمەزرێنێت.کە خوێندنەوەیەکی لۆژیکی بۆ مێژوی مرۆڤایەتی و قۆناغەکانی و گۆڕانەکانی ناو مێژوو دەکات.وەهەروەها کۆدەکانی ناو مێژوو و فاکتەکانی گۆڕانکاریەکان دەخاتە ڕوو.لەماتریالیزمی مێژوودا مارکس بەوە دەست پێدەکات کە مرۆڤ لە ڕێگەی کارەوە خۆی لە سروشت جودا کردۆتەوە و مێژووی خۆی وەک مرۆڤ خوڵقاندوە واتا خۆ سەپاندنی مرۆڤ بەسەر سروشت و ئاژەڵەکانی تردا لەڕێگەی کار و ئامرازەکانی کارکردنەوە بووە لەناو قۆناخی پێش مێژوو prehistorical period بریتیە لە بەرکەوتنی سادەی مرۆڤ لەگەڵ سروشت،بەرهەمهێنانی کەرستە ماتریاڵیە سادەکان لەلایەن مرۆڤەوە بۆ ڕاپەڕاندن و زاڵبوونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بەسەر پرۆسەی کارکردندا. لە میتۆدی ماتریالیزم کە مارکس بەکاریهێناوە بۆ شرۆڤەکردن و ڕوونکردنەوەی مێژووی مرۆڤایەتی و گەشەسەندنی کۆمەڵگا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر.مارکس لە ماتریالیزمی مێژوودا قۆناغەکان بەسەر شەش قۆناغدا دابەش دەکات کە هەر قۆناغێک لە هەناوی قۆناغەکەی پێش خۆی هاتۆتە دەرێ.خەسڵەت و پەیوەندیە ئابووریەکانی قۆناغەکانیش جودان.قۆناغەکانیش ئەمانەن:

١ /کۆمۆنەی سەرەتایی

٢ /کۆیلایەتی

٣ / دەرەبەگایەتی

٤ / سەرمایەداری

٥ /سۆشیالیزم

٦ / کۆمۆنیزم

بیردۆزە مارکسیەکان یاخود مارکسیزمی نوێ لە تیشکی ژێر سور ئەو بۆچونانە ڕەت دەکاتەوە کە لیبرالیەکان دەیخەنە ڕوو لەبارەی هاریکاریەکانی نێوان ولاتان یاخود ململانێکانی نێوانیان بەلکو تیشک دەخاتە سەر لایەنی ماددی ئابوری .کەلەتوانای دایە زۆر شت بکات .وەک هێنانەدی ڕژێمی سەرمایەداری کە بوە هۆکاری سەرهەڵدانی بیرۆکەی داگیرکاری و دەست درێژی کردنە سەر سەروەری ولاتان و ناکۆکی جیهانی.

## تێۆرییەکانی سەرکردایەتی

## بۆچونی کۆمەڵەی چاکسازەکان

بۆچونی کۆمەڵەی چاکسازەکان گریمانەی ئەوە دەکەن کە هێزی پاڵنەر لەپشت هەڵسوکەوتی ولاتان هێزی بۆچونی کۆمەڵەی چاکسازەکانە.لەنمونەی  کۆمەڵەی چاکسازەکان کۆمەڵەی پەستێنەرە ڕامیاریەکان و کۆمەڵەی کەرتی هاوبەشگاکان و سەربازیەکانن .کە بەبۆچونی ئەم تێۆرییە هەر ئەم کۆمەلانەن کە ولات و دام و دەزگاکانیان دروست کردوە.

## بۆچونی ستراتیژی

بۆچونی ستراتیژی پەیرەوێکی وێژەییە کە بەهۆیەوە دەروانێتە تاکەکانی کۆمەڵگە لە هەڵبژاردنی کارەکانیان لە چاوی کەسانی دەوروبەر و ئەزمونەکانیان تا بزانێت چی بۆ ئەو باشە ئەو هەڵبژێرێت.

## تیۆرییەکانی دوای بونیات نان

تیۆرییەکانی دوای بونیات نان لە تیشکی ژێرسور لە ١٩٨٠ سەری هەڵدا لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی دوای ڕووداو لە زانستە سیاسییەکان . تیۆرییەکانی دوای بونیات نان درکیان بەمە کرد کە جارێکی تر بابەتەکانی "دەسەڵات" و "نوێنەرایەتی"لە تیشکی ژێر سور شی نەکەنەوە بەڵکو لەوە وورد ببنەوە کە چۆن هەریەکە لەمانە گەشەی کردوە و کاریگەری خستۆتە سەر پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان .

## ئاستەکانی شیکردنەوە

## چەمکی ئاستە ڕژێمیەکان

پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان لەزۆر لایەن دەڕوانێتە ئاستەکانی شیکردنەوە. چەمکی ئاستە ڕژێمیەکان ئەم چەمکە پێشنیارکراوانەن کە هەڵدەستن بەدیاری کردن و دروست کردنی ژینگەی نێودەوڵەتی کە بابەتە هەرەمەکیەکان لێک دەکاتەوە.

### سەروەری

لە ڕابردوو چەمکەکانی بەستن و پاڵپشتی، پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان پشتی پێ دەبەست بۆ بابەتی سەروەری ،هەروەک چۆن جان بۆدان باسی دەکات لە "شەش نوسراو لە کۆمۆنۆلس ١٥٧٦ ، کە خاڵی یەکلاکەرەوەی سێ دەستنوسی پەرتوکێک بوون بۆ بابەتی سەروەری کە یەکسانی کردوە بە هەبوونی وڵات،کە دەسەڵاتی سەروەری دەسەڵاتی ڕەهای هەیە بەسەر خاکەکەی "لەگەڵ ئەوەی چەندین باری نەخوازراو هەیە بۆ لەدەست دانی سەروەری بە درێژایی مێژوو وەک هەندێ لە وڵاتانی ئەفریکا لەدوای کۆتایی داگیرکاریەکان یان وەک ئەوەی لە ئێراق ڕووی دا لەدوای داگیرکردنی لەلایەن ئەمەریکاوە کە چەندە کاریگەری هەبوو بەسەر پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان.

### هێز

چەمکی هێز لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دەتوانین بەوە هەژماری بکەین کە تا ئەوپەڕی توانا کاریگەری هەیە بەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان .کە لێرە هێزی نەرم هەموو بابەتەکان یەکلایی دەکاتەوە مەبەستمان لە هێزی نەرم هێزی دیپلۆماسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیە.

## بەرژەوەندی نیشتمانی

مەبەستمان لە شیکردنەوەی چەمکەکانی  دەسەلآت و سەروەری و بەرژەوەندی نیشتمانی ئیش کردنە لەسەر ولآت و پەیوەندیەکانی لەگەڵ ولآتانی تر تابزانێت خۆی کێیە و جیاوازیەکەی چیە لەگەڵ ولآتەکانی تر .تا بزانێت تا چەند لە توانای دایە خاکەکەی بپارێزێت و بەرژەوەندیە بالآکانی بەرەو پێش ببات.

## چالآکوانە ناحکومیەکان

لەسەدەی بیست و یەکەمین هیچ ولآتێک نەبوو بەتەنها بتوانێ گۆڕانکاریەک لە ڕژێمی نێودەوڵەتی بەدەست بێنێت تا بەرەو چاکتری ببات  .بۆ یە ڕێکخراوە ناحکومیەکان سەریان هەڵدا .کە ڕۆڵێکی زۆر چالآکیان هەبوو لە گۆڕانکاریەکان و ڕێکخستنە نێو دەوڵەتیەکان کە بەشێوەی خۆکرد و سەربەخۆ کارەکانیان جێبەجێ دەکرد .وەک هاوبەشگا نیشتمانیەکان و بزاڤە ئازادی خوازەکان و نوێنەرایەتیە ناحکومیەکان.

## پێکهاتەکانی هێز

پرۆتۆکۆلە سەربازیەکان و هێزە نەرمەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان و دروست بوونی دوولایەنی دابەشکاریە جەمسەریەکانی هێز .بەتایبەت لە کاتی جەنگی سارد بینیمان چۆن ولآتان دابەش بوون بەسەر هەریەک لەجەمسەرە بەرهەڵستکارەکانی جیهان کە هەریەکەیان بەگوێرەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و پاراستنی سەروەری و ڕژێمەکانیان پاڵپشتیان بۆ لایەنێک هەڵبژارد لە یەکێک لە جەمسەرەکان بەگوێرەی ئایدۆلۆژیا نزیکەکانیانەوە.

**جەمسەری** – جەمسەری بریتیە لەدابەش بوونی هێزی ولآتان بەسەر دووتەوەر یان زیاتر لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان .ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار دوای جەنگی جیهانی دووەم و سەرهەڵدانی جەنگی سارد چرۆی کرد .کە هەریەکە لەدوو هێزە زەبەلاحەکەی جیهان کۆمەڵێک ولآتیان وەک پاشکۆ بۆ خۆیان ڕاکێشا .دووجەمسەری زۆر ئایدۆلۆژیای جیاواز لەخۆدەگرێت لەوانە پەیوەندیەکانی دەرەوەی ولآتان.

**بەستەر** – بەستانەوەی چەندین ڕژێمی دەوڵەتی وهەرێمی لەخۆدەگرێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش وهێزی هاوبەش بۆ بەدیهێنانی ئایدۆلۆژیایەکی دیاری کراو یان دەسکەوتێکی ئابوری کە هەریەکە لە ولآتە پێکبەستوەکان پشت بە ئەوەکەی تر دەبەستێت .ئەم چەمکەش هۆکارێک بوو بۆ سەرهەڵدانی جیهان گەرایی و ئابوری جیهانی و دەزگا نێودەوڵەتیەکان ،کە کۆی هەمویان پەیوەندیان هەبوو بە پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان.

بیردۆزی پاشکۆیی زیاتر بیردۆزێکی شیوعیانەو نزیکە بە هزری مارکسیانە .کە وڵاتێکی بەهێز کۆمەڵێک وڵات دەستەمۆ دەکات بۆ جێبەجێکردنی کاروبارە سیاسییەکانی .ئەم چەمکە بۆ کاروباری ناوەوەی گەلێک وڵاتان تەشەنەی کرد لە نڵملانێیە پارتیەکان و سەربازیەکان.




## چەمکەکان لەئاستی یەکڕیزی بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان

### ئایین

ئایین کاریگەری هەیە بەسەر ڕێگای یان چۆنیەتی هەڵسوکەوتی وڵاتان لەناو ڕژێمی نێودەوڵەتی بۆ نمونە جەنگی سی ساڵەی ئەوڕوپا(١٦١٨-١٦٤٨) یان لە وڵاتە ئەرەبیەکان ئایین بنەمای سەرەکی پێک هاتەی وڵاتە بە پەیوەندیەکانی دەرەوەشەوە .ئایین بۆتە هۆی دروست بوونی سەدان گروپی توند ڕەو بەتایبەت لەدوای سەرهەڵدانی جیهان گەرایی (عەولەمە)وە جیاکردنەوەی ئایین لە حکومەت ،بە تایبەت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا.

### ئامرازە سەربەخۆکان- ئامرازەلاوەکیەکان

### دەزگاکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان

دەزگا نێودەوڵەتیەکان بەشێکی زیندوو پێک دێنن لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیە هاوچەرخەکان .کە پشکێکی چالاکیان بەرکەوتوە لە کارە نێودەوڵەتیەکان.

## ڕێکخراوە حکومیە تایبەتمەندەکان

## نەتەوە یەکگرتوەکان

نەتەوە یەکگرتوەکان (UN)ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیە کەوا پێناسەی خۆی کردوە " بەستەرگەیەکی جیهانیە لە حکومەتەکان پێک هاتوە بۆ ئاسانکاری و هاریکاری لە یاسای نێودەوڵەتی وئاسایشی نێودەوڵەتی و گەشەپێدانی ئابوری و دادی کۆمەڵایەتی". ڕێکخراوێکی دیاری جیهانیە ،کە لەچەندین دام ودەزگای جۆربەجۆر پێک هاتوە.

## دیپلۆماسی

دیپلۆماسی بە واتای پەیماننامەی فەرمی دێت داتاشراوی) وشەی diploma ی لاتینیە کە بەواتای پەڕ یان کاغەزی فەرمی دێت یا بەڵگە یا دۆکیومێنت( بریتیە لە ڕژێمێک یان هۆکارێکی پەیوەندی بۆ پەیوەست بوونی دوو وڵات یان زیاتر بە پێک هێنانی کۆمەڵەیەک یان پەیماننامەیەک. یان هۆکارێکە بۆ دانوستاندن لە نێوان نەتەوەکان، کە هەریەکە لە دوولایەنەکە بە گوێرەی ویست ڕامیاریان گفتوگۆ دەکەن. ئەگەر نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک زۆر جار جەنگ جێگای دەگرێتەوە.

وە لە ڕووی کەڵتورییەوە ئەم بابەتە بوونی هەبووە لە دێر زەمانەوە کە زۆر جار خێڵەکان لەناوەوەی نەتەوەیەک یاخود نەتەوەکانی ناوەوەی وڵاتێک یان دوو وڵات کاغەزیان ئالوگۆڕکردوە بەمەبەستی دانیشتن و ئاخاوتن لەمەر چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاری کراو. هەمان بیرۆکە تەشەنەی کردووە بۆ بارێکی فەرمی لەنێوان وڵاتان. کە هەریەکە لە وڵاتان کۆمەڵە کەسانێکیان داناوە تایبەتمەندن لەم بوارە بەجۆرێک دەزانن چۆن پەیوەندیەکان دروست بکەن و گەشەی پێبدەن و بیپارێزن.

## مێژووی دیپڵۆماسی

گەلێک لەنەتەوەکان هونەری دانوستاندنی باڵایان بەکارنەهێناوە بۆ کێشە نێودەوڵەتیەکان تەنها کێشە ناوەخۆییەکانیان نەبێت ،بەڵام سەرکردە ڕۆمانیەکان لە زوویێکەوە کەسانی لەم جۆرانەیان دروست کردوە بۆ ناردن و کارکردن لەسەر پەیوەندیەکانیان و بەرژەوەندیە باڵاکانیان .دوای درککردنی گرنگی پەیوەندیەکان و دامەزراندنی نوێنەرو پەیوەندی هەمیشەیی.بەم جۆرە بۆ یەکەم جار دیاردەی باڵوێزخانە و کۆنسولخانەکان سەری هەڵدا لە ئیتالیا لە سەدەکانی سێزدەهەم و چواردەهەم کە هەریەکەیان بۆ کاری هەواڵگری بەکارهاتوون لە پەنای کارە دیپلۆماسیەکانەوە.

## واتاکانی دیپلۆماسی

- دیپلۆماسی چی یە؟: دیپلۆماسی زانستە, هونەرە, یاسایە, مێژووە, دامەزراوەیە , پیشەیە.
- دیپلۆماسی زانستە : چونکەچەند یاساو ڕێساو بنەمایەک دەگرێتەخۆ کە تەحەکوم بەچۆنیەتی موماره وتەتبیقات دەکا لە پەیوەندی نێوان تاک و لایەن و وڵاتاندا.
- دیپلۆماسی هونەرە : چونکە پراکتیک کردنی ئەم پرۆسەیە پەیوەندیەکی بەهێزی بەتوانا و هونەر و شارەزایی و ئەزموونی ئەو کەسەوە هەیە لە بروا پێهێنانی تاک و لایەن و وڵاتاندا.
- دیپلۆماسی یاسایە : چونکە یاسا و ڕێسا و بنەماکانی کارپێکردنی ئەم پرۆسەیە لە نێوان هەموو کەس و دامودەزگا نێونەتەوەییە لەیەکتر جیاکان بۆتە یەک سیستەم و شێواز.
- دیپلۆماسی مێژووە : لەبەر ئەوەی پرۆسەیەکی زۆرکۆن و مێژوویی یە و, هەر لەدێرزەمانەوە بە جۆرەها شێوازی جیا جیا لە نێوان تاک و کۆمەڵان و وڵاتاندا ئەنجام دراوە و,پاشان بەرە بەرە پەرەی سەندوە وبە هێزبووە.
- دیپلۆماسی دامەزراوەیە : لە بەر ئەوەی ئەم پرۆسەیە لە هەموو وڵات و پارتێکدا لە چوار چێوە و لە میانەی چەند دامو دەزگا و کۆمیتە و کۆمیسیۆنێکی پسپۆڕ و سەربەخۆدا پراکتیزە دەکرێت.
- دیپلۆماسی پیشەیە: لە بەر ئەوەی ئەو کەسانەی کە ئەم کارو ئەرکە پراکتیزە دەکەن,خۆیان بۆ ئەوە یەکلا دەکەنەوە وهەموو هەوڵ و ماند و بونێکی تێدا دەدەن و,ئەو پەڕی کار و چالاکی تیادا دەکەن,وەکو هەر کارێکی تر و سەربەخۆ.
- دیپلۆمات کێ یە ؟ : ئەو کەسانەن کە کار و ئەرکی پەیوەندیەکانی وڵاتی خۆیان لە دەرەوەی وڵاتان دەگرنە دەست,بۆ گرێدانی پەیوەندی لە نێوان خۆیان و خەڵکی تر.

## سیفەتە کانی دیبلۆماسی:

### یەکەم : ڕواڵەتی دەرەوەی دبلۆمات:

1 – ناو جوانی وشۆرەت جوانی.

2 – ڕەنگ و ڕوخسارجوانی: وەک : (جوانی لاشەو ڕوخسار+ئەندام تەواوی ، پەککەوتە نەبێ، کەمئەندام نەبێ)

3 – ڕواڵەتی جوانی: وەک (پاکی لاشە و جلوبەرگ، جوانی و گونجانی جل و بەرگ لە گەڵ یە کتری) بۆئەوەی(سەرنج ڕاکێش بێ، حەزی لێ بکرێ).

## دووەم/ ناوەڕۆکی کەسایەتی دیپلۆماسی :

١ – توانا و زیرەکی و ڕوونی زمانی دیپڵۆمات : وەک(خێراقسەکردن،جوان قسەکردن، کورت و پوختی، ڕونی و ئاشکرایی لە قسەدا، قسە لەسەر خۆکردن، نەشێوان، بەهەڵە نەچون،دوبارە کردنەوەی  قسە گرنگەکان، قسە نەپچڕاندن .)

٢ - زمان و زاراوەی دیپلۆمات . ئەو زمانەیە لە کاتی (کۆڕ و کۆبونەوە و دیالۆک و ناردن و نووسین و مێزگرد و چاوپێکەوتنە...)ە کاندا قسەی پێ دەکات.کە دەبێ زمانێکی ئاوابێ:(گشتی ، ڕێزمانی ، بەرێز، هاوسەنگ، تەڕ و پاراو)

## دیپلۆماسی چەندین واتای هەیە وەک  :

١ - **دیپلۆماسی لە لاتینی :** بریتیە لە بڕوانامەی فەرمی یان پەڕاوێک کە تایبەتمەندی نوێنەرایەتی و کاری دیپلۆماسی لەخۆ دەگرێت،لەلایەن سەرۆک یان پاشایەکەوە دەنێردرێت بۆ سەرۆک یان پاشایەکی تر بە نیشانەیەکی فەرمی بەم کاغەزە دەڵێن دیپلۆما.

٢ - **دیپلۆماسی لە ڕۆمانی** : ڕۆمانیەکان بەکەسێک دەڵێن کە نامە دەنوسێت و نامە دەبات و دێنێت بەجۆرێک لەلایەن هەردولاوە باوەڕپێکراوە .ڕۆمانەکان بە کەسی دووکەس یان بەکەسی دووبەر ناوزەندیان کردوە.

## ئەرکەکانی دیپلۆماسی

ئەرکی نوێنەرە دیپلۆماسیەکان لەدەرەوەی وڵاتە.ڕێپێدراوانی دیپلۆماسی هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی سەرجەم زانیاریە جۆربەجۆرەکان بە گوێرەی داواکاری وڵاتەکەیان .لە ڕێگای نوسینی ڕاپۆرت و بەرزکردنەوەیان بۆ وڵاتەکەیان لە ڕێگای باڵوێزخانەکەیانەوە بە هێماو دروشمی جیاواز .جگە لەمە پاراستنی هاوڵاتیەکانیان کە نیشتەجێی ئەو وڵاتەن ئەرکێکی ترە .ئەم نوێنەرانە لە بارەگای سەرەکی خۆیان کە بۆیان دیاری کراوە کارەکانیان ڕایی دەکەن .بە هەریەک بەم بارەگانە دەڵێن باڵوێزخانە و کۆنسولخانە .ئەگەر هاتوو نوێنەرەکە بە پلەی باڵوێز ڕێگەپێدراو بوو سەرکردایەتی باڵوێزخانە دەکات .وە ئەگەر هاتوو بە پلەی ڕێ پێدەری وەزیر دامەزرابوو لە کۆنسولخانە ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات .

## پارێزبەندی دیپلۆماسی

هەریەک لەم دیپلۆماتکارانە( کەسەرجەم فەرمانبەرانی نوێنەرایەتی ئەم وڵاتە دەگرێتەوە کە نوێنەرایەتی کردۆتەوە ) مافی پارێزبەندی لەخۆدەگرن لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان .کە زۆر سەربەستانە هەموو ئەو کارانە دەکەن کە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی دیاری کراون ئەمانەی خوارەوە بنەمای گشتگری ئەم پارێزبەندیەن .

**چوار پارێزبەندی بنەرەتی دیپلۆماسی :**

١ - خۆیان و سەرجەم ئەندامانی خێزانەکانیان دەستگیر ناکرێن بە هەرهۆکارێک بێت.

٢ -پشکنینی کەل وپەل و ماڵەوەو کاغەزەکانیان ناکرێت بە هیچ شێوەیەک.

٣ - باج وسەرانەی خانوو و خاوەنداریەتیەکی هیچ شتێکیان لێ وەرناگیرێت لەلایەن ئەو وڵاتەی کەکارەکەی لێ ئەنجام دەدەن.

٤ - خۆیان و سەرجەم ئەندامانی خێزانەکانیان ئازاادن لە هەر بیرو ڕایەکی ئایدۆلۆژی و ئاینی کە پەیرەوی دەکەن. هەریەک لەم پارێزبەندیانە بەگوێرەی پلەی نوێنەرایەتیەکەی دەگۆڕدرێت.

## باڵیۆزخانە

باڵیۆزخانە یان باڵوێزخانە نوێنەری هەمیشەیی یان کاتی وڵاتێک لە وڵاتێکی دیکەیە. سەرۆکەکەی باڵیۆزە کە بە جێبەجێ کردنی کاروباری خەڵک و دەوڵەت لە ئەم شوێنە کار دەکات. باڵیۆزخانەی هەر وڵاتێک خاکی سەربەخۆی ئەم وڵاتە نەبووە و بەشێک لە خاکەکەی حیساب ناکرێت

## گرینگی دیپڵۆماسی لە گەشەسەندنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

گرینگی دیپڵۆماسی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندنا بێپایانە کە وابەستەی سەرەکییە لە نێوان والاتاندا و ناوەندگیری یەکەمە لە پەیوەندی و گەیاندن هەروەها چاودێرێکی بەردەوامە لە پرۆسەی بەجێگەیاندنی ڕێککەوتننامەکان وە بە تەواوی پاڵپشتی دەکات لە گۆڕینەوەی هەموو بوارەکان وەک کلتوری و سیاسی و ئابووری.

## پێناسەی دیپڵۆماسی

تا ئێستا لەسەر پێناسەی دیپڵۆماسی زۆر لە پسپۆڕانی یاسای نێودەوڵەتی بۆچوونی جیاوازیان هەیە پێناسەی دیپڵۆماسی لە لایەن ئەو ناودارانەی خوارەوە دەنووسین کە زووربەی پسپۆڕانی یاسای نێودەوڵەتی لەسەری کۆکن لەوانە: ( ئارنت ساتو ) دەڵێ : دیپڵۆماسی ڕێگایەکی نموونەییە لە بەگەڕخستنی زیرەکی بە شێوەیەکی دروست لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان لە نێوان وڵاتان بەتایبەتی دەوڵەتە سەربەخۆکان .

هێندری کیسینجر دەڵێ : دیپڵۆماسی توانای زاڵبوونە بەسەرکۆسپ و تەگەرە نێودەوڵەتییەکان وە خۆگونجاندن لەگەڵیان کە بگونجێت

باڵوێزی پێشووی هند ( بانکیرا ) دەڵێ : هونەرێکە وڵاتان بەکاری دەهێنن لە شێوەیەکی سیاسیدا بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەرووی بەرژەوەندییەکانی تر دادەنێت .

## ڕۆڵە گرینگەکانی دیپلۆماسی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا :

١ – یەکێکە لە ئامرازە گرینگەکانی جێبەجێ کردنی سیاسەتە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

٢– ئامرازی یەکەمی دروسکاری بڕیارە و بڕوا و متمانەی ئەوانی تر  بۆ ئەو بڕیارانە دروست بکات لەدانووستانەکاندا لە چوارچێوەی کاردانەوەی بزووتنەوە نێودەوڵەتییەکاندا.

٣ – ببێتە جێگای سەرنجی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە جیهاندا کە چ ڕۆڵێک دەبینێ لە ڕاپەڕاندنی کاروبارە نێودەوڵەتییەکان .

٤ – ئامرازی سەرەکی و یەکەمی وڵاتانە لە ئاسانکردنی پەیوەندییەکی دروست و دۆستانە لە نێوانیاندا .

٥ – دیپلۆماسی ئەو ئامرازە سەرەکییەیە کە ئەو کەسەی بۆ وڵاتەکەی دیاریکراوە نوێنەرایەتی بکات و ڕوڵ ببینێ و سەرکەوتوو بێ لە نزیکردنەوەی بیروبۆچونە جیاوازەکان لە بەرژەوەندی وڵاتەکەی و وڵاتانی تر .

٦ – وڵاتان دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆی و سەروەری نەتەوەیی  بۆ سەلماندنی بوونیان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو ئامرازە دەخەنەگەڕ لە ڕێگای میدیا و دانووستان و بەستنی ڕێککەوتننامەکان.

٧ – ئامرازێکە بۆ بەدهێنانی ئاشتی بۆیە دەکەوێتە ناو بازنەی قوتابخانەی نموونەیی ، گەشبینە لە هاتنەکایەی جیهانێک خاڵی لە ململانێ و دووبەرەکی.





## گرنگی و کاریگەریی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی.. ڕۆڵی سەرۆک بارزانی بە نموونە بۆ هەرێمی کوردستان

باسکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان زۆر فراوانە، کە تەنیا لایەنە یاساییەکە ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنە ئابووری و سیاسییەکەش دەگرێتەوە، بۆیە پەیوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان دەکەونە خانەی دیپلۆماسییەتەوە، هەروەها دەکەونە خانەی دەرەوە و میکانیزمەکانی ئابووری و بازرگانی بۆ ڕێکخستنی نێودەوڵەتی، تەنانەت هەندێ بابەتی فیکریش دەگرێتەوە، وەک بابەتەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ و پێوەرەکانی دیموکراسی و چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان و سیستەمە سیاسییەکان. هەر چۆن بێت تێگەیشتن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەوەیە کە ئەم بابەتە گرنگە بۆ جیهانی ئەمڕۆ بۆ قەوارەکانی سیاسی و دەستووری و نێودەوڵەتی و هەر قەوارەیەکیش ناتوانێت بە جیا لەگەڵ ئەم جیهانەدا بژی، واتا لەگەڵ ئەو کۆمەڵگە نێودەوڵەتییە کە خۆی لە (192) دەوڵەت دەبینێتەوە، جگە لە چەندین قەوارەی دیکە کە واقیعی نێودەوڵەتیی دیفاکتۆیان هەیە، بۆیە دەبێ ئەم قەوارانە لەنێو ئەو کۆمەڵگەیانەدا بژین، میکانیزمەکانی ژیان خۆی لە ڕێکخستنی نێودەوڵەتی دەبینێتەوە، ئەم ڕێکخستنەش بە پلەی سەرەکی لە جیهانی ئەمڕۆدا بریتییە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، واتا ئەم ڕێکخراوە کە ماوەیەکی درێژە هاتووەتە ئاراوە و لە دوای جەنگی دووەمی جیهان لە ساڵی 1945 دروست بووە، ئامانج و پرەنسیپ و ڕێکخستنی پەیکەریی هەیە، وەک کۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایش و ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دادگای نێودەوڵەتی و ئەمینداریتیی گشتی.

باسکردنی پەیوەندیی نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاسایشی نەتەوەیی لەو ڕوانگەوەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵ دەدات بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئاشتیی نێودەوڵەتی، کە پرەنسیپە سەرەکییەکانیەتی، واتە قەدەغەکردنی جەنگ و پەلاماردان و ئەم شتانە، ئەمەش کاریگەریی هەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتانەی لەژێر چەتری ئەم ڕێکخراوە کاردەکەن، شتێکی دیکە هەیە کە پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی و ڕێکخراوە

نێودەوڵەتییەکانەوە، ئەمەی دواییش دوو جۆرن، هەیانە ڕێکخراوی حکوومین کە پێیان دەڵێین ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی پسپۆری کە زۆربەیان سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانن، هەشیانە ناحکوومین، هەردووکیان ڕۆڵ دەبینن، ئەوانەی حکوومین بە پلەی سەرەکی ڕۆڵی ڕێکخستنی بوارەکانی ئابووری و زانستی و تەکنەلۆجی و بازرگانی دەبینن، ئەوانەی دووەمیش ڕۆڵیان هەیە لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و چاودێریکردنی پێوەری شەرعییەتی سیستەمە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە هەر حاڵ هەردوو جۆریان ڕۆڵی سەرەکی و گرنک و کاریگەریان هەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەو قەوارانەی کە لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانەدا کار دەکەن. جیهانی ئەمڕۆش بریتییە لە کۆمەڵێک دیکیۆمێنتی نێودەوڵەتی کە بە یاسا ڕێکخراوە و پەیوەستە بە پەیوەندیی دیپلۆماسی و کونسولگەری و ئاو و ئاسمان و زۆر مەسەلەی دیکە، هەر چۆن بێت ئەو دیکیۆمێنتە نێودەوڵەتییانە و پەیوەندییە کونسولگەری و نێودەوڵەتییانە کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی قەوارەکان، بە تایبەتی کە لە بواری یاسای نێودەوڵەتی وای بۆ دەچن کە دەبێ جۆرە چارەسەرێکی هاوسەنگییانە هەبێت، لە نێوان مافی ئەو باڵیۆزخانە و کونسولگەرییانە لە کارکردن و مافی دەوڵەت لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی، چونکە زۆر لە گرفت و کێشە هاتوونەتە ئاراوە، ئەوەش لە ڕێککەوتننامەکانی ڤیەننای ساڵی 1963، کە دەربارەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕێکخراوە، سەبارەت بە کێشەکانی ئاو، ئەویش گرنگە لە ڕووی ڕووبار و کەناڵە نێودەوڵەتییەکان، ئەمەش لە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی جنێڤی ساڵی 1958 ڕێکخراوە، دواتر کاراکاس ساڵی 1982، لەسەر ئەو ئاستەی هاوسەنگیی نێوان بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەم دەوڵەتانە و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی .ئەگەر بێینە سەر جۆری دووەمی پەیوەندییەکان، کە پەیوەندیی هەرێمین، زۆر پێوەر هەن بۆ دەستنیشانکردنی ئەم پەیوەندییانە، ئایا دراوسێتیی جوگرافییە؟ ئایا پێکهاتەیەکی هاوبەش لە ئایین و نەتەوە و زمانە، یان پەیوەندیی هاوبەشن؟ پێوەر زۆرن، کە بەم پێوەرانە ئەم قەوارانە حەز دەکەن بچنە ناو ئەو پەیوەندییە هەرێمییانەوە، کە بەم هۆیەوە ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دەپارێزن، نموونەی ئەمانە زۆرن، یەکێتیی ئەورووپا و کۆمکاری عەرەبی و ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو نموونەی دیارو بەرچاون، لە ئەمریکای لاتین و شوێنەکانی دیکەش لەم ڕووە هەن.

هەڵبەتە پەیوەندییە هەرێمییەکان دەکەونە خانەی لایەنەکانی ئابووری و ئەمنی و سەربازی بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو قەوارانەی کە دەچنە ژێر باڵی ئەو وڵاتە، واتا هیچ هاودژییەک نییە لەنێوان هاوپەیمانی هەرێمی و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، بە پێچەوانەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر پاڵپشتیی هاوپەیمانی و پەیوەندییە هەرێمییەکان دەکات، چونکە باری سووک دەکات لە بواری پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و هەرێمی، لە هەمان کاتدا پێویستە ئاماژە بە پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان بکەین لە نێوان دوو قەوارە و پەیوەندییەکانیان، چونکە زۆرجار دەکەوێتە خانەی سەربازی و ئەمنی و ئابووری و هاوکاریی نێوان یەکدی و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەویش گرنگە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی قەوارەکان، بەڵام ئەوەی زیاتر ڕۆڵ دەبینێت هەرێمییەکە و نێودەوڵەتییەکەیە.

لە دەرئەنجامدا دەگەینە ئەوەی کە پەیوەندیی هەرێمی و نێودەوڵەتی و دوو قۆڵیی هەیە و میکانیزمی ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییانە دیپلۆماسییەت و سیاسەتی دەرەوەی قەوارەکانە بۆ ئەم مەسەلەیە، واتا هەر قەوارەیەک لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیەوە کە زیندوون، مامەڵە لەگەڵ ئەو پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتی و دوو قۆڵییەدا دەکات.

دێینە سەر هەرێمی کوردستان، ئێمە بە نموونە ڕۆڵ و دیپلۆماسییەتی سەرۆک بارزانی لەم بوارەدا وەردەگرین، لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی ئەزموونی پەنجا ساڵەی سەرۆک بارزانی لە بواری دیپلۆماسیەت و پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا، دەتوانین دەستنیشانی هەندێ بابەت لەم بوارەوە بکەین، بەتایبەتی دوای ڕێککەوتننامە شوومەکەی جەزائیر لە ساڵی 1975، شۆڕشی کورد هەستی بەوە کرد کە پلانە نێودەوڵەتییەکە پێویست بەوە دەکات، کار بکرێت لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، جگە لە شۆڕشی چەکداری، دیپلۆماسیەتی شۆڕشی هەرێمی و نێودەوڵەتی هاتە کایەوە، بەتایبەتی ئەگەر بزانین کە کوردستان جوگرافیای سیاسی و پێگەی جیۆپۆلێتیکی هەمەجۆر لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە ڕۆڵیان لەم مەسەلەیەدا هەیە، بۆیە هەر لەو کاتەوە سەرۆک بارزانی بە جموجووڵێک کاری لەسەر ئەم مەسەلەیە کرد، کە ئاسەواری پۆزەتیڤی هەبوو لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەسکەندناڤی، لە خوێندنەوەی جارێکی دیکە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی بلۆکی سۆسیالیستیی ئەو کات یەکێتیی سۆڤییەت و دەوڵەتە سۆشیالیستییەکان، تەنانەت لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و هەندێک لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم، ئەو کات دیپلۆماسیەت پێی دەگوترا دیپلۆماسیەتی شۆڕش، سەرۆک بارزانی پەنای بۆ برد و وەک بزاڤێکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد مافی شەرعیی خۆیەتی کە بەرگری لە بوونی نەتەوەیی و مافەکانی خۆی بکات بە هەموو ئامرازەکان، جگە لە ئامرازی چەکداری، ئامرازی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی، ئەم پەیوەندییانە لەسەر ئاستی ئەوە بوو کە جۆرە هاوسەنگییەک هەبێت لەم مەسەلانە، جگە لەمەش ڕەوەندە کوردییەکانیش لە دەرەوە ڕۆڵیان بینی، گەیشتە ئەوەی کە لۆبی کوردی پەیدا بێت بۆ پەیوەندیی نێودەوڵەتی، هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمیدا، پەیوەندیی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لەگەڵ حزبە شۆڕشگێڕەکان و ئەوانەی باوەڕیان بە مافی گەلان هەیە، بەتایبەتی لە جیهانی سێیەم، کە زۆر لەو حزبانە پاڵپشتیی شۆڕشیان لەم بوارانەدا دەکرد.

جگە لەمە، دیپلۆماسیەتی شۆڕش ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتیشی بە نموونە وەرگرت بۆ ئەم مەسەلەیە و لەسەر ئەم ئاستەش توانرا شت بۆ ئەم بوارە بکرێت، تا گەیشتە ڕووداوەکانی کەنداو، بەڵام پێش ئەوە سیاسەتەکانی شۆڤینیی ڕژێمە سیاسییەکانی عێراق، بەتایبەتی لە هەشتاکان، لە ئەنفال و جینۆساید کە دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی دیپلۆماسیەتی کورد جارێکی دیکە چالاک بێت، بەتایبەتی لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا، گەیشتە ئاستی ئەوەی کە کۆنگرەی نێودەوڵەتی لە پاریس لە ساڵی 1989 بەسترا دەربارەی کەیسی کورد، زۆر لە دیدارەکانی دیالۆگی عەرەبی و کوردی کرا لە قاهیرە دەربارەی ئەم بابەتە.

ڕووداوەکانی دوای داگیرکردنی کوێت و جەنگی دووەمی کەنداو و بڕیاری 688 و هاتنەکایەوەی ئەم ئەزموونە، بۆیە فاکتەری دەرەوە و نێودەوڵەتی ڕۆڵی لەم مەسەلەیەدا هەبوو، بۆ نموونە ڕۆڵی ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا، تەنانەت ڕۆڵی دەوڵەتانی دراوسێ وەک ئێران و تورکیا کە ئەوان مەترسیی ئەوەیان هەبوو، کە کۆڕەوەکە دەستی پێکرد، کاریگەریی هەبێت بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەوان و، ناوچەکە جۆرێک گرژی بەخۆیەوە ببینێت، لەسەر ئەم بنەمایە کە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە 688 لە ساڵی 1991 دەرچوو، ڕەهەندی نێودەوڵەتی هەبوو بە ماندووبوونی نێودەوڵەتی و هەرێمیی ئەو دەوڵەتانە و بە پاڵپشتیی بەرەی کوردستانیی ئەوکات.

هاتنەکایەوەی ئەم ئەزموونە و دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی کابینەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی دیکە، دەرگای دی کردەوە بۆ جۆرە پەیوەندیی دیپلۆماسی و کونسوڵگەری و هەرێمی، بە تایبەتی کردنەوەی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم لە وڵاتان و بەتایبەتیش لەو دەوڵەتانەی ئەندامی هەمیشەیین لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و زۆر لە دەوڵەتانی دیکە، جگە لەوەش دەرگای بازرگانیی نێودەوڵەتی بۆ هەرێم کرایەوە، چونکە ئابڵوقەی لەسەر بوو، نەتەوە یەکگرتووەکان و تورکیا و ئێران هەر یەکەیان بە شێوەیەک مامەڵەیان لەگەڵ هەرێم کرد، ئەوەی گرنکە دوای گۆڕانکارییەکانی ساڵی 2003و ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، دیپلۆماسیەتی عێراق کەوتە دەست بەڕێزێکی کورد کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە ڕێکخستنەوەی ئەم دیپلۆماسییەتە، ئەویش کاک هۆشیار زێباری بوو، کە ماوەیەکی زۆر نزیکەی 10 بۆ 11 ساڵ وەزیری دەرەوە بوو، کە پێشتر کارکردنی دیپلۆماسیەت بۆ نەتەوەی کورد قەدەغە بوو لەو باڵیۆزخانە و کونسوڵگەرییانە، هەروەها دەستووری عێراقیش ئەمەی ڕێکخستەوە،

هەر چۆن بێت ئاسۆیەکی تازە هاتە کایەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە کردنەوەی نزیکەی چل کونسوڵگەرییە لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش دەرگایەکی بۆ پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان کردەوە، بۆیە ئەم وڵاتانە پەیوەندیی باش و دیداری گرنگیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە .سەرەنجام دیپلۆماسیەتی سەرۆک بارزانی لە سوودوەرگرتن لە ڕێککەوتننامەکە شوومەکەی جەزائیر و کارکردن لە دیپلۆماسیەتی شۆڕش لە دەرەوە، دوای ئەو پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی، دواتر جەنگی دووەمی کەنداو، سەرۆک بارزانی ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ئەمریکا و بەریتانیا و زۆر شوێنی دیکە، هەروەها دیالۆگ و دیدار لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە، بەو ناوەی کە بەڕێزیان سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوون، زۆر دیداری دووقۆڵی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتانە ئەنجام دا، هەروەها لەگەڵ ئیتاڵیا و دەوڵەتانی ئەسکەندناڤی بەتایبەتی نەمسا. ئەوانەی تەواوکەری ڕۆڵی سەرۆک بارزانین لە دیپلۆماسیەتدا بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەڕێز مسرور بارزانی، کە دەبینین ئێستا ڕۆڵی هەیە لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی دەوڵەتانی کەنداو، وەک ئیمارات و سعودیە و قەتەر، هەروەها ئوردن و زۆر دەوڵەتی دیکە، کەواتە دەتوانین بڵێین ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان ڕوون و گرنگە لەسەر بنەمای هاوسەنگی نێوان بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەم دەوڵەتانە و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی، تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی کە کێشەی کوردیان هەیە، داوای سەرۆک بارزانی بۆیان ئەوەیە کە بە ئاشتییانە کێشەکان چارەسەر بکەن، هەڵبەتە ڕۆڵی دیپلۆماسیەتی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی کەنداو لەسەر بنەمای دیپلۆماسیەتی وزەیە، کە ئاسایشی زۆر گرنگە لەو مەسەلەیەدا، کە ئێستا سەدا حەفتا تەحەککوم بە وزەی جیهان دەکات، بۆیە ئەم پەیوەندییانە لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو ڕۆڵی گرنگییان هەیە، جگە لەمەش پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتی چین و ئەمریکا، کە لەگەڵ ئەمریکا لەسەر بنەمای هاوپەیمانیی سەربازی دژ بە داعش، هەرێمی کوردستان دیپلۆماسیەتی دژە تیرۆریشی لەم مەسەلەیەدا بەکارهێنا، ئەم بابەتە زیاتر پێویستی بە خوێندنەوە و توێژینەوە هەیە، بە تایبەتی دیپلۆماسیەتی سەرۆک بارزانی، لە قەوارەی بوونی قوتابخانەیەکی تایبەتی دیپلۆماسیەتی کوردی لەگەڵ پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان .

## سەرچاوەکان


Modified link of Web site: Stanford Encyclopedia of Philosophy – Political Realism in Gloria Lotha Oct 15, 2019/ International Relations.

Vivek Abhinav Nov , 2012/Add new Web site: Fact Monster – History – International Relations.

Add new Web site: Stanford Encyclopedia of Philosophy – Political Realism in International Parul Jain Nov 08, 2011/ Relations.

Darshana Das Sep , /Add new Web site: Fact Monster – History – International Relations. 2011

file:///C:/Users/Power%20Store/Downloads/InternationalRelationsassignmentsohaib.pdf

https://we.hse.ru/data/2018/06/05/1150097170/program-2109677112-zFMKGsZz4i.pdf

https://library.fes.de/libalt/journals/swetsfulltext/9283307.pdf

مدخل علم العلاقات الدولية /أ.د.محمد طه بدوي – دار النهضة العربية بيروت – لبنان ١٩٩٤

نظريات العلاقات الدوليه /سلسلة العلوم الاجتيماعية للباحثين، ترجمة محمد صفار / الطبعة الاولى ٢٠١٤

دەروازەیەک بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان / د.انور محمد فرج ٢٠٠٨

گرنگی و کاریگەریی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی.. ڕۆڵی سەرۆک بارزانی بە نموونە بۆ هەرێمی کوردستان / د. نەژدەت ئاکرەیی ٣٣